# یاداشت و شەوکار

لاش نۆرێن – Lars Noren
(١٩٤٤- )
لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی
(سوێد)



**یاداشت و شەوکار**

**(١)**

دەبێ ئەم بڕیارە بدەم
کە ڕوحم تێی ناگا

**(٢)**

کەوتوومەتە ناو خەمۆکیی گەورەوە.
زمان بووە بە نەخۆشی، ناتوانم بژیم،
ناتوانم عاشق بم. ئەڤینی تۆ تەنیاترم دەکا.
هەتا زیاتر منت خۆش بووێ تەنیاتر دەبم.
چیتر بەرگەی عەشق و زانیاری ناگرم.

**(٣)**

وا سەیرم مەکە
وەک ئەوەی لە دەرەوەی تۆ بم.

**(٤)**

گوێمان لە هەمان هاوارە.
تۆ وا دەزانی لە دەرەوە دێ.

**(٥)**

سێشەممە

ئەمشەو بێجگە لە من
هیچ شتێکی تر لەنێوان
من و لەناوبردنمدا نەبوو.
ئەمڕۆ هەمان هۆی دڵگیرم هەیە
بژیم، یان نەژیم.

**(٦)**

من لە دەرەوەی خۆمدا هیچ شتێک نیم.
بەو عەشقەی کە پێوەندی
بە زۆر بێ توانایی منەوە هەیە دەری ببڕم،
بە تۆ ناگەم.

**(٧)**

ئیتر مەسەلە ئەوە نییە
من کێم، بەڵکو ئەوەیە
من چیم.
من کەسێکی چاوەڕێم.
هەتا کەسێک دێ
من کەسێکی چاوەڕێم.

لەو کاتەوەی کەسێک دەڕوا
هەتا کەسێک دێتەوە
من چاوەڕێم.
(٨)
لە ئاکامدا مرۆڤ ناتوانێ
بێجگە لە ڕەفتاری خۆی
بە شتێکی تر
پرسیاری بکا
تاسە دەرببڕێ
یان باسی نەخۆشیی خۆی بکا.
هی هەبوونم
پرسیاری منە
کە ئێستا ناتوانێ
بە شێوازێکی تر
دەرببڕێ.

(٩)
ئەمڕۆ تەنیا و پڕ لە ڕازم
وەک مارتای ١٠٢ ساڵ
کە ٩٨ ساڵە، لە تەمەنی چوارساڵییەوە
لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەند کراوە.
کەس نازانێ خەڵکی کوێیە.
کەس نازانێ بۆ هێنرایە نەخۆشخانە، بۆ لەوێیە.
٨٠ ساڵە کەس نە سەردان، یان پرسیاری ئەوی کردووە.

(١٠)
ئێستا بە خۆت،
زیاتر خۆ ڕۆشنکەرەوە دێیت.
چۆن عەشق بنووسم،
چۆن لەگەڵ کەسێک
بچمە ناو تاریکییەوە
کە ڕوون دەمبینێت.
(١١)
تۆ ئەو دوورییەی بۆ من ماوەتەوە.

(١٢)
خودا کافکا دەکاتەوە.
کافکا خودا دەکاتەوە.

(١٣)
ڕەنگە ئەم ڕێگەیە
نەچێتەوە سەر هیچ شوێنێک،
بەڵام کەسێک لەوێوە دێ.

(١٤)
قووڵ دەپەستمە
ناوتەوە
وەک ئەوەی قەت
لێت جودا نەبمەوە.
تۆ لەسەرم ڕادەکشێیت
بە ڕوو لەسەر ملمەوە.
منیش لەو مردنە دەترسم
لە یەکدیمان بکاتەوە.

(١٥)
جیهان تاکە شوێنی سامناکە
بتوانم تێیدا بم.

(١٦)
لە دەرەوەی مندا
جیهانێکی بێ ئەڤین هەیە
کە گەورە و ترسناکە وەک
ئەو جیهانە بێ خۆشەویستییەی
لەناو مندایە.

(١٧)
ڕووت، نەناسراو، ڕوو
لە پەنجەرەی لۆژیک دەڕوا،
دەستەکانی دەنووقێنێ،
ڕووی وەرناگێڕێ،
من لەناو منداڵیی زماندا لە ئەو دەگەڕێم.

(١٨)
بووکەشووشەیەکی لاستیک لە ژوورەکەدا کەوتبوو
منداڵەکە نانی لە دەمی پەستا بوو.

(١٩)
کە بۆ لەدایکبوون و هەبوونی خۆم
سەفەر دەکەمەوە
دایکم لەوێ نییە و
دەبێ ئەوم بزێنم.
(٢٠)
کاتژمێر چوار و چل خولەکی
بەیانی – کەسێک
لەو دائیرەیەی بەرانبەرمان
ماوەتەوە، فەراشێکی ژنە، لەسەر قەنەفە خەوتووە.

(٢١)
سەیری وێنەیەکی درەنگگیراوی
ئێکێلۆف دەکەم،
چاوەکانی هێندە ڕوونن و
نائومێدن لە شتێک،
کە بە ئارامی دەگرین.

(٢٢)
کاتێک هەر بەڕاستی دەست بە نووسین دەکەم
هەمیشە هەستێکی ناخۆشی ئەوەم دەبێ
کە جیهانی دەرەوەم وێران دەبێ،
چونکە ڕەنگە شتێک لەناو ڕوحمدا تێک بچێ
شتێکی گرنگ، یان نا.

(٢٣)
شیعر
ئاوێنەی وشەیە.
لەم ڕووەی وشەکاندا.
هەر وشەیەک شتێکە
من بەناو ڕوونییاندا
یان تاریکییاندا
سەرنج لە مانای شیاو و فەرامۆشکراویان دەدەم.

(٢٤)
هەندێ جار دەترسم دیسان تەنیا ببمەوە.
ئەگەرچی ئەوە تەنیاییە من زۆر حەزم لێیەتی.
بە هەموو ڕۆژ لە بەردەمتەوە بێدار ببیتەوە و
بێ ئەوەی بزانی چی دەکەی، بچیتە سینەما و
بە تەنیا لەگەڵ پیاوێک کە چەند ڕیزێک
لە پێشەوە دانیشتووە و بە بێ دەنگی لە تاریکیدا دەگریێ.
دوای ماوەیەکی کورت بەکوڵتر و تەنیاتر دەگریێ
بێ ئەوەی کەس بێتە ژوورەوە و لەگەڵی بدوێ.
دوای ئەوەی دیسان فیلمی (پەیامنێری دەرەوە)م بینییەوە،
کە دێمە دەرەوە باران دەبارێ.
تەنیایی لەگەڵ تۆدایە من زۆر حەزم لێیەتی.
لای تۆیە لە ئاکامدا من تەنیام.

(٢٥)
فیلمێکی سێ خولەکم لە بیرە.
چەند دکتۆر و سیستەرێکی نازی پێشان دەدا
منداڵی کەمئەندام ناچار دەکەن
گۆڵ بخۆن و بەرد بجوون
بۆ ئەوەی میللەتی ئەڵمانی ببینن ئەوانە چەند ناسروشتین.
ژنێکی بەسۆز ڕوخساری پیرەژنانەی کچێکی بچووک
بە پێستی ڕووی بەرز دەکاتەوە و وەک کیسەیەک
دەیگرێ و ڕایدەشەقێنێ.
ئەو یازدە منداڵەی نە دەخەنن و نە دەگرین
بەرانبەر پەیژەیەکی گەورە بەڕیز ڕاوەستاون بەر لەوەی بچنە ژوورەوە.

(٢٦)
لە زەردەی ئێوارەدا لەسەر شەقامی هانتشارکەردا
لە بالکۆنی ژێرەوەی مندا کوریژگەیەک داوی
ماسیگرتنی بەدەستەوەیە و
چاوی خەڵک کە بەویدا ڕەت دەبن، ڕادەکێشێتە سەرەوە.

(٢٧)
ئەو چاوانەی من تۆیان پێ دەبینم
هەمان چاون تۆ منیان پێ دەبینی.

(٢٨)
ئاگر لە جیهانی نەبووی خۆم بەردەدەم
بۆ ئەوەی بەبرسێتی بێمە سەر ڕێگەی عەشق.

(٢٩)
بێباکم لەوەی چیت شکاندووە
لێ دڵگرانم کە تۆ پێت وایە
من ئەو کەسەم دەبێ هەستێکی هەبێ
کە تۆ وا دەکەیت.

(٣٠)
ئەگەر درۆت لەگەڵ کردم.
ئەگەر تۆ ڕاستی نەبوویت.
هەموو ڕاستییەکت کرد بە مەحاڵ.

(٣١)
``ئێوەمان خۆش دەوێ``
ئەمە لەسەر پارچە کاغەزی بچووک نووسرابوو
کە کرێکاری ئەڵمانی لەناو ئەو بۆمبایانەیان دانا
بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتدا هەڵڕژان.

(٣٢)
لەسەر قەرەوێڵەکەت هاتمە لات و
نووستبووین کاتێک لەگەڵ یەکدی جووت بووین.
چەند جارێک لێم پرسیت ئەوە ئێمەین
تۆیش نەتزانی.

(٣٣)
بینراوم بکە

عەکسە
خەیاڵییە
نەوسنەکەت
وا لە پەنامی منە.

(٣٤)
دووشەممە، ١٥ی ئەیلوول

مرۆڤ لای خۆی لە خۆی نەگەڕێ
نە بە قیژە و هاواری ڕاست و نە بە چاوی ژێر چاوبەستەوە
کە تەنیا دەتوانێ، پێی پاسەوانەکان ببینێ.

(٣٥)

(تاریکی و
ڕووناکییەک
لە بەریاندا بنووسیت)

بێ دەنگەکان، دڵگیرەکان
لەناو زماندا
ون دەبن
ئەو وشانەی ناتوانن
بێ دەنگ بن وەک
ڕووناکی ناو وێنە کۆنەکان
تاکە ڕووناکی
ئەو سەردەمە هەمانە

(٣٦)

زمانم ڕۆشن نەبوو
کاتێک نووسیم بۆ ئەوەی بشارمەوە

(٣٧)

زۆر لەسەرخۆ
کار دەکەم

لای خۆم
بناغەیەکی توند
لە گومان دادەڕێژم
بۆ ئەوەی بژیم

(٣٨)

لێرە بمێنەوە
هەتا من ئەو شوێنەی
لە چاوەکانی تۆدا جێگەی منە
جێ دەهێڵم

تۆ و منم بوو من بینیمن

ئێمەیش ئەو دوورییەین
کە بۆ من ماوەتەوە

ژیانم دەخەمە مەترسییەوە
هەتا ئەوە لە تۆ وەربگرم
کە ناتوانیت بمدەیتێ

(٣٩)

کارمەندەکان دەست لە کارەکانیان هەڵدەگرن و دەڕۆن.
بە چەند هەنگاوێکی کەم ون دەبن.

ئەم درزە قووڵ و ڕوونەی سەر شەقام
هی کرێکارانی بەدالەیە
کە هێڵی تەلەفۆنی نێوان واشنتۆن و
مۆسکۆ چاک دەکەنەوە.

(٤٠)

لێ بۆ ئەوەی وەسفی
وێنەی شادی تۆ
لای خۆم بکەم
دەبێ نائومێدی و
نەهیکردن لە خۆم بە کار بهێنم
هەتا کاتێک وەسفت دەکەم
تۆم لە بیر نەچێ

(٤١)

لە وشە دەگەڕێم.
هەر وشەیەک بێ.
وشە کە تیرۆر و درۆ
وێرانی کردووە
وشە کە ئازادییە
بۆ ئەوانەی ئازاد دەبن

(٤٢)

لێرە دەتوانم هەموو ڕوخسارەکان ببینم
بێجگە لە هی خۆم.

(٤٣)

خۆشەویستم، ئێمە
دەبێ لەناو دوو ئاگردا
بسووتێنرێین،
یەکێکی سارد و یەکێکی گەرم.

(٤٤)

کە ئێوارەیەک من و تۆ لە دەرەوەین و
دەڕۆین، تۆ دەستم دەگریت،
تۆ دەستی منت گرتووە و
دوور دەڕۆیت و
قەت ناگەڕێیتەوە.

(٤٥)

ڕووناکیمان ناچار کرد
قسە بکا

نامانەوێ
ئەوەی نایبینین
خۆشمان بوێ

دەمانەوێ
خۆمان ئاڵوودەی
هۆشی دەرەوەی

خۆمان بکەین

ئەمرۆ دەمانەوێ
خودا واڵا بکەینەوە

سبەی
یەکەم ڕۆژی
... ٢٥ ساڵی هۆلۆکۆستە

(٤٦)

بە یادی پاول سێلان

٤ی نیسان

– تۆ دەرزیی تاریکی
لە خۆت دەدەیت

– وشەکان دەتەقنەوە،
دارمانیان دەگاتە
بێدەنگیی ڕەهایان،
لە سنووری تەقینەوە خۆیدا.

– ترس ناچاری کردی
لەناو ئەو جیهانەدا بمێنیتەوە
نەتدەتوانی بێ ترس ببینی.

تۆ لەناو ئەو زمانەدا دەژی
لەوێ زۆر شتت لە دەست دا.
– ببیت بە بەشێک لەوەی
کە تۆی دروست نەکردووە.

– دڕندەیی
مەرجەکانی سەرنجڕاکێشان
دادەڕێژێ.

– کرۆکی
دوا وشەکانی
ئەو کەسەی
ئەشکەنجەت دەدا.

– شیعرە نەگوتراوەکە
لەسەر تیرۆر کەوتووە،
گرانی
تیرۆر.

خودا کرۆکێکی هەمیشەیە
لە شیعری تۆدا

(یاداشت) و (شەوکار) **Dagbok - Nattarbete**، دوو دیوانی نووسەرن، ساڵی ١٩٧٦ چاپ کراون. بەیەکەوە ٣٢٣ شیعری کورتن، ئەم شیعرانە لە هەردوو دیوانەکە وەرگیراون.

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لاش نۆرێن بە کوردی:

(١) مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧.

(٢) شەڕ، شانۆنامە، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧.

(٣) پەرجوو، شانۆنامە، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

(٤) جورئەتی کوشتن، شانۆنامە، وەرگێڕانی: هیوا قادر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

(٥) ئاوی وەستاو، شانۆنامە، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دلاوەر قەرەداغی، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠.

(٦) تەرمیناڵ، سێ شانۆنامە، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە؛ دانا ڕەئووف، دەزگای ئاراس، ٢٠١١.

(٧) لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما، نووسینی دانا ڕەئووف، دەزگای سەردەم، ٢٠١٦.

لاش نۆرێن (ساڵی ١٩٤٤ لە دایک بووە) لە دوای ئاوگوست ستریندبێرگ و ئینگمار بێرگمان، ناسراوترین دراماتۆرگی سوێدییە لە جیهاندا ناسراو بێت. شانۆنامەکانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان نمایش کراون. کارە هونەرییە سەرکەوتووەکانی لە شانۆدا، وایان کردووە کەمتر وەک شاعیر ناسراو بێت. نۆرێن لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا یەکەم دیوانی بڵاو کردەوە.

سەرچاوە:

**Lars Norén, Dagbok, Augusti? oktober 1975, BONNIERS 1976**
**Lars Norén, Nattarbete, Del 2, dikter, BONNIERS 1976**